| هەرێمی كوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی | Kurdistan Regional - IRAQ<br>Council of Ministers<br>Ministry of interior | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية الادارة |
|---|---|---|

ژمارە : ٤٢٨٠

ڕێكەوت : ١٠/ ڕەشەمە/ ٢٧١٥ كوردی

DATE: ٢٠١٦/٢/٨

٢٠١٦/٢/٩

## ﴿ فەرمانی وەزاری ﴾

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٩) لە ٢٠١٦/٢/٣ كە بە نوسراوی ژمارە (٨٣٧) لە ٢٠١٦/٢/١٦ ئاراستەیی وەزارەتمان كراوە و پشتبەست بە بەشی (١٠) لە یاسایی هاتووچۆی فیدراڵی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بەركاركراو لە هەرێمی كوردستان و بە پێی یاسی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای كارپێكردنی فیدراڵی هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی لە هەرێمی كوردستان و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە ٢٠١٦/٢/٣ ، بڕیارماندا بە :

١. وەرگرتنی ڕسووماتی هاتوو لە یاسای هاتووچۆی ئاماژەپێكراوی سەرەوە بە پێی بڕەكانی هاتوو لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی **(خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ بۆ هۆكانی گواستنەوە لە هەرێمی كوردستان)** كە (٤٢) چل و دوو بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) تۆماركردن بۆ ماتۆرسكیل (بۆ هەر پستون) دەستپێدەكات و بە بڕگەی ژمارە (٤٢) گواستنەوەی ئۆتۆمبێلی سەرپێچكار بە كرێنی هاتووچۆ كۆتایی دێت.

٢. وەرگرتنی بڕی سزا داراییەكانی (الغرامات) هاتوو لە یاسای هاتووچۆی ئاماژەپێكراوی سەرەوە بە پێی بڕەكانی هاتوو لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی **(خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەكانی هاتووچۆ لە هەرێمی كوردستان)** كە (٤٤) چل و چوار بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) گوێڕایەڵنەبوونی شوفێر بۆ هێماكانی هاتووچۆ دەستپێدەكات و بە بڕگەی ژمارە (٤٤) سزای سەرپێچی بڕگەی یەكەم لە بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی ناوخۆ كۆتایی دێت.

ئەم فەرمانە هەر لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان كاری پێدەكرێت.

**كـریم سنجاری**
**وەزیـری ناوخـۆ**

**وێـنەیەك بـۆ :-**

- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و كاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- بەڕێوەبەرایەتی (كارگێڕی ، ژمێریاری ، پلان دانان)/ بۆ زانین و كاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- خولاو.

هەرێمی کوردســـتان/عێراق | إقليم كوردستان/العراق

ئەنجومەنی وەزیـران | مجلس الـوزراء

# بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران
## ژمارە (٧٩) لە ٢٠١٦/٢/٣

پشتبەست بە بەشی (١٠) لە یاسای هاتووچۆی فیدراڵی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بەرکارکراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای کارپێکردنی فیدراڵی هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە بەرواری ٢٠١٦/٢/٣، بڕیارماندا بە:

١. وەرگرتنی ڕسووماتی هاتوو لە یاسای هاتووچۆی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بەپێی بڕەکانی هاتوو لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ بۆ هۆکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان) کە (٤٢) چل و دوو بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) تۆمارکردن بۆ ماتۆرسکیل (بۆ هەر پستون) دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (٤٢) گواستنەوەی ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکار بە کرێنی هاتووچۆ کۆتایی دێت.

٢. وەرگرتنی بڕی سزا داراییەکانی (الغرامات) هاتوو لە یاسای هاتووچۆی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بەپێی بڕەکانی هاتوو لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان) کە (٤٤) چل و چوار بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) گوێڕایەڵنەبوونی شوفێر بۆ هێماکانی هاتووچۆ دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (٤٤) سزای سەرپێچی بڕگەی یەکەم کۆتایی دێت.

٣. ڕێژەیەك لە داهاتی هاتوو لە هەردوو خشتەی (١) و (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە تەرخان دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدار و لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی هاتووچۆ و سەلامەتی گشتی و ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ خەرج دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان.

٤. بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەتوانێت گۆڕانکاری لە بڕی ڕسوومات و سزاکان ئەنجام بدات بەپێی پێوەری پێویست و گونجاو و بەپێی بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتی ئاماژەپێدراو لە یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە.

٥. وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

هەرێمی کوردستان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الوزراء

٦. کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٧. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (١)

## خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ

## بۆ هۆکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە (١)

## خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ بۆ هۆکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | تۆمارکردن بۆ ماتۆرسکیل (بۆ هەر پستون) | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٢ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٣ سێ پستون) | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزار دینار |
| ٣ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٤ چوار پستون) | ١,٢٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار |
| ٤ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٥ پێنج پستون) | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٥ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٦ شەش پستون) | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٦ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٨ هەشت پستون) | ٢,٢٥٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٤ چوار پستون) | ١,٧٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار |
| ٨ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٦ شەش پستون) | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار |
| ٩ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٨ هەشت پستون) | ٣,٥٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٠ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی پاص لە جۆری کرێ | ١,٥٧٥,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ١١ | تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی قەلغان (درع) بە هەموو جۆرەکانی | ٨,٠٠٠,٠٠٠ | هەشت ملیۆن دینار |

ھەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە (١)

## خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ بۆ هۆکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١٢ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون لە جۆری کرێ | ١,٨٥٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و هەشت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٣ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە جۆری پیکەب تاك کابینە | ١,٦٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار |
| ١٤ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە جۆری پیکەب دەبڵ کابینە | ٣,١٥٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٥ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر جگە لە جۆری (پیکەب تاك و دەبڵ کابینە) | ١,٦٥٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٦ | دەرکردن (إصدار) بۆ ساڵیانە یان مۆڵەتی ماتۆرسکیل | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ١٧ | دەرکردن (إصدار) بۆ تۆمارکردنی مۆڵەتی شوفێری | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ١٨ | دەرکردن (إصدار) بۆ تۆماری یەکەم جار تۆماری تایبەت | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ١٩ | دەرکردن (إصدار) بۆ ساڵیانەی بارهەڵگر | ٥٥,٠٠٠ | پەنجا و پێنج هەزار دینار |
| ٢٠ | دەرکردن (إصدار) بۆ گواستنەوەی خاوەنداریەتی تایبەت | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٢١ | دەرکردن (إصدار) بۆ گواستنەوەی خاوەنداریەتی کرێ | ٥٥,٠٠٠ | پەنجا و پێنج هەزار دینار |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە (١)

## خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ بۆ هۆکانی گواستنەوە

## لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | دەرکردن (إصدار) بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتی بارهەڵگر | ١٠٥,٠٠٠ | سەد و پێنج هەزار دینار |
| ٢٣ | دەرکردن (إصدار) بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتی المرکبات کشتوکاڵی قاتورە مەقتورە + کەرەڤانە | ٥٥,٠٠٠ | پەنجا و پێنج هەزار دینار |
| ٢٤ | دەرکردن (إصدار) بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتی ماتۆرسکیل | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٢٥ | بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێری نوێ کردنەوە | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٢٦ | ونبوونی (مۆڵەت + ساڵیانە) بۆ یەکەم جار | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٢٧ | ونبوونی (مۆڵەت + ساڵیانە) بۆ دووەم جار | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٢٨ | ونبوونی (مۆڵەت + ساڵیانە) بۆ زیاتر لە دوو جار | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٢٩ | ونبوون یان تێکچوونی تابلۆ بۆ یەکەم جار | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٣٠ | ونبوون یان تێکچوونی تابلۆ بۆ دووەم جار | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٣١ | ونبوون یان تێکچوونی تابلۆ بۆ زیاتر لە دوو جار | ٢٥٠,٠٠٠ | دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |

خشتەی ژمارە (١)

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

## خشتەی نوێی ڕسووماتی هاتووچۆ بۆ هۆکانی گواستنەوە له هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ٣٢ | بەستانی تابلۆی ئەمانی | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٣٣ | بەکارهێنانی جادە بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت (ساڵانە) | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٣٤ | بەکارهێنانی جادە بۆ ئۆتۆمبێلی گشتی (ساڵانە) | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٣٥ | بەکارهێنانی جادە بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (ساڵانە) | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٣٦ | بەکارهێنانی جادە جگە لە ئۆتۆمبێلەکانی (تایبەت ، گشتی و بارهەڵگر) (ساڵانە) | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٣٧ | بەکارهێنانی جادە بۆ ماتۆرسکیل (ساڵانە) | ٥,٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ٣٨ | پیسکردنی ژینگە بۆ ماتۆرسکیل (ساڵانە) | ٥,٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ٣٩ | پیسکردنی ژینگە بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت (ساڵانە) | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٤٠ | پیسکردنی ژینگە بۆ ئۆتۆمبێلی گشتی (ساڵانە) | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٤١ | پیسکردنی ژینگە بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و جۆری تر (ساڵانە) | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٤٢ | گواستنەوەی ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکار بە کرێنی هاتووچۆ بۆ گەراجی دەستبەسەرداگرتن | ٧٥,٠٠٠ | حەفتا و پێنج هەزار دینار |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

# خشتەی ژمارە (٢)

## خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی هاتووچۆ

## (الغرامات المرورية) لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە (٢)

## خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی هاتووچۆ (الغرامات المرورية) لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | گوێڕایەڵنەبوونی شوفێر بۆ هێماکانی هاتووچۆی ڕووناکی یان نیشانەکانی پیاوی هاتووچۆ | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٢ | لێخوڕینی سوارۆ بەشێوەی پێچەوانەی ڕووی هاتووچۆی بڕیاردراو لە دەسەڵاتی هاتووچۆ | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٣ | لێخوڕینی سوارۆ بەبێ ڕووناکی پێشەوە و دواوە بە شەو | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٤ | لێخوڕینی سوارۆ بە کەمتەرخەمی یان هەڵەشەیی (بە هاش و هۆش) | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٥ | لێخوڕینی سوارۆ بە خێرایی زیاتر لە خێرایی دیاریکراو بە یاسا | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٦ | تێپەڕبوونی ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لەسەر نووسراوی فرۆشتنی سوارۆ و<br>بە بێ پێداچوونەوەی فەرمانگەی تۆماری تایبەتمەند بۆ مەبەستی تۆمارکردن | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٧ | سەرپێچیکردنی بنەماکانی ڕۆیشتن و هاتووچۆ لە ڕێگای خێرا | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٨ | سەرپێچیکردنی بڵاونامەکان و ڕێنماییەکانی دەرکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ٩ | دانەپۆشینی باری سوارۆکانی بارهەڵگر بە شێوەی موکوم بۆ نەفڕێنی یان بڵاونەبوونەوەی (پەرشبوو)<br>یان نەکەوتنی بار لە کاتی ڕۆیشتن یان لەرینەوەی | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ١٠ | وەستانی سوارۆ لە شوێنێك کە وەستان تێیدا قەدەغەیە | ٣٠,٠٠٠ | سی هەزار دینار |

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی ژمارە (٢)**

## خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی هاتووچۆ (الغرامات المرورية) لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١١ | بەکارهێنانی لەزگەی جام تاریك و بەستانی پەردەی دواوەی ئۆتۆمبێل و هەر شتێك ببێتە هۆی نەبینینی پێشەوە و دواوەی خۆی | ٤٠,٠٠٠ | چل هەزار دینار |
| ١٢ | پێچکردن لە شوێنەکانی ڕێگەنەدراو بە پێچکردنەوە | ٣٠,٠٠٠ | سی هەزار دینار |
| ١٣ | دەرچوونی بێ وەستان لە شەقامی لاوەکی بۆ شەقامی سەرەکی | ٣٠,٠٠٠ | سی هەزار دینار |
| ١٤ | نەدانی پێشینە بۆ پیادە، ئەوانەی کە چوونەتە ناوچەی پەڕینەوە | ٣٠,٠٠٠ | سی هەزار دینار |
| ١٥ | بەجێهێشتن یان مانەوەی سوارۆکانی بارهەڵگری گەورە و بیناسازی و کشتوکاڵ و پاسەکان لە کۆڵان و شەقامەکانی ناوخۆ و شوێنەکانی نیشتەجێبوون | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ١٦ | تێپەڕاندنی بەرزایی دیاریکراو لە بارکردنی کەلوپەل لە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ١٧ | لێخوڕینی سوارۆ کە تابلۆی تۆماری ڕوون نەبێت یان لەناوچووبێت | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ١٨ | بەکارنەهێنانی پشتێنی دڵنیابوون لەو سوارۆیانەی کە پشتێنی دڵنیابوونی تێدایە | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ١٩ | بەکارهێنانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی هەوائی یان چەند ئاواز یان دانانی بڵندگۆی گەورەی دەرەکی یان بەکارهێنانی وەریاکەرەوە بە دەنگی بەرز | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٢٠ | لێکرەتبوونی شوفێر لە سوارۆیەکی تر لە لای ڕاستی یان لێکرەتبوونی هەڵە | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |

## هەرێمی کوردستان - عێراق
## ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە (٢)

## خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی هاتووچۆ
## (الغرامات المرورية) لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ٢١ | بەکارهێنانی ڕووناکی بەرز بە شێوەیەك کە کاریگەر بێت لەسەر شوفێری سوارۆکانی تر | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٢ | لێخوڕینی سوارۆ کە کەمترین ڕێژەی لە مەرجەکانی توندوتۆڵی و دڵنیابوون تێدا نەبێت | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٣ | دانانی پێوەنووساوی جوانکاری و ئاگادارکردنەوە و نووسین و وێنە لەسەر جامی ئۆتۆمبێلی پێشەوە یان دواوە | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٤ | سەرپێچیکردنی بنەماکانی ڕۆیشتنی ئاسوودە | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٥ | نوێنەکردنی مۆڵەتی شوفێری یان مۆڵەتی تۆمار | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٦ | سەرپێچیکردنی هێماکانی هاتووچۆی دیاریکراو یان سەر زەوی | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٧ | گواستنەوەی نەفەر لەسەر لاتەنیشتەکانی ئۆتۆمبێل یان لەسەر بەشی دەرەوەی | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٨ | کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبێل لەلای چەپ پێش دڵنیابوون لە نەبوونی هاتووچۆی سوارۆکان | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٢٩ | ئاگادارکردنەوەی بە نیشانەی ڕووناکی پێش ماوەیەکی دیاریکراو لە کاتی پێچکردن یان وەستان | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٣٠ | جووڵەپێکردنی سوارۆ پێش دڵنیابوون لە خاڵی بوونی ڕووگەی هاتووچۆ لە سوارۆکان | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٣١ | پێنەدانی مۆڵەتی شوفێری یان مۆڵەتی تۆمار بۆ پیاوی هاتووچۆ لە کاتی داواکردن | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

خشتەی ژمارە (٢)

## خشتەی نوێی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی هاتووچۆ (الغرامات المرورية) لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ٣٢ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی ناو شار لە (٦١-٧٥) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ٧٠,٠٠٠ | حەفتا هەزار دینار |
| ٣٣ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی ناو شار لە (٧٦-٩٠) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٣٤ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی ناو شار لە (٩١-١٠٥) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ١٢٥,٠٠٠ | سەد و بیست وپێنج هەزار دینار |
| ٣٥ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی ناو شار لە (١٠٦-١١٥) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ١٨٠,٠٠٠ | سەد و هەشتا هەزار دینار |
| ٣٦ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی ناو شار لە (١١٦ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا بەرەو سەرەوە) | ٢٥٠,٠٠٠ | دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٣٧ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار لە (١٠١-١١٥) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ٧٠,٠٠٠ | حەفتا هەزار دینار |
| ٣٨ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار لە (١١٦-١٣٠) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ٩٠,٠٠٠ | نەوەد هەزار دینار |
| ٣٩ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار لە (١٣١-١٤٥)کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ١١٥,٠٠٠ | سەد و پازدە هەزار دینار |
| ٤٠ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار لە (١٤٦-١٥٥)کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا | ١٨٥,٠٠٠ | سەد و هەشتا و پێنج هەزار دینار |
| ٤١ | تیژلێخوڕین لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار لە (١٥٦ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا بەرەو سەرەوە) | ٢٣٠,٠٠٠ | دوو سەد و سی هەزار دینار |
| ٤٢ | سزای دواکەوتنی تۆمارکردنی ژمارەی کاتیی ئۆتۆمبێل (بۆ هەر مانگێك) | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |